## جەمال غەمبار..هەستێکی ناسك و دەروونێکی ئازادیخواز




غەمبار دەنگێکی زیندووەو هەستێکی ناسکە لە نێو شیعری کوردیدا غەمبار پیاوێکی بە سەلیقە یەو بە ئەدەبەوە مامەڵە لەگەڵ سروشت و جوانیەکانیەکانیدا دەکات. هەمیشە خەون بە ئاسودەیی مرۆڤەوە دەبینێ و وەك شاعیرێکی ئینسان بڕوای بە پاك بوونەوەی ڕووحە تا جەستەو سرووشت پاك بنەوە لەو گوناحانەی جوانیەکان دەشێوێنن. لە دەقدا هەمیشە خاوەن مۆسیقایەکی ئارام و خەیاڵێکی ناسکە .تەوزیفی ووشەو تەرتیبی فۆرمی شیعر لەگەڵ لە حزەکانی لە دایك بووندا دە خەملێت , هەمیشەش مانایەکی تازەی پێیە بۆ ژیان. لە دەقە شیعریەکانیدا گرنگی بە باخچەو ڕووبارو عیشق دەدات چوونکە بنەمای ئاسوودەیی مرۆڤە. ئێجگار بیندرێژە لە عەشقدا, پەیڤەکانی غەمبار لەوێوە دەست پێدەکەن کە مرۆڤ خۆی خاوەنی خۆیەتی و جیهانیش بۆ خواستەکانی مرۆڤ خوڵقاوە غەمبار دەیەوێت خۆشەویستیمان پێشکەش بکات و بە چرپەوە پێمان دە ڵێت ئێوەم خۆشدەوێت و خۆشەویستی ئێوەش لە ناخ و شیعروو تێڕوانینمدایە. با پێکەوە گوێ لە چرپەکانی غەمبار بگرین.

پ1\شاعیر چ پەیامێکی پێیە بۆ مرۆڤایەتی

و\لەڕاستیدا پەیامی شاعیر کە خۆی لە گوتاری شیعرییدا دەبینێتەوە,پەیامێکی ئینسانییە بە هەموو ڕەهەندە فیکریی و کۆمەڵایەتیی و زاتیە کا نیشەوەلێرەوە هەر گوتارێکی شیعری هەڵگری ئەوڕەهەندانەی سەرەوە بێت بەبارە ئینسانیەکەیدا لە هەوڵ و تێکۆشینی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی کەلاوەو وێرانە کۆمەڵایەتیی وروحییەکانی ئینسان بکاتەوە بولڤارو تەلاری ڕازاوە(بولڤار_واتا باخچەسەرا).بەقەناعەتی من پەیامی ڕاستەقینەی شاعیر هەر ئەوە نییەکە لە پەنجەرەی شیعرەوە و لە ماڵی ووشەدا, ناهەمواریی وکەندولەندەکانی ژیان ببینێ, بەڵکو دەبێت بچێتە ناوخودی ژیان خۆیەوە,گوڵەکانی خۆشەویستی ئاو بدات بۆ ئەوەی سیس نەبن و هەڵنەوەرێن...لە ئێستادا پەیامی شاعیر هەر ئەوە نییە هاوارو موعاناتی ئینسانەکان بنووسێتەوە بەڵکو پێویستە تێکەڵی ئەو هاوارانە بێت و بزانێت بۆچی هاوار دەکەن..هاوکات نابێت ئەوەشمان لە بیربچێت کە شیعر خەونێکە لە خەونەکانی مرۆڤایەتی و هەموو خەونەکان نییە..چونکە بە تەنها ئەرکی شیعر نییە کە نەهێڵێت باخچەکان ببنە گۆمی خوێن ,منداڵێك برسی بێت, چرایەك تیرۆر بکرێت..مەبستمە بڵێم,شیعر بەشێکی ئەرکەکانی لەسەرە ..لە بەرامبەر شیعردا کە تاقە دەسەڵاتی شاعیرە لە مەملەکەتی نووسیندا بۆ بەرقەرار کردنی خۆشەویستی ,دەسەڵاتی تر زۆرن کە دەیانەوێ نەك هەر شیعر بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن..لێرەدا,ئەگەر کەمێك شمولی تر قسەبکەین,مەرج نییە هەمووخودێکی شاعیر هەڵگری

ئەو پەیامەی سەرەوە بێت ,چونکە شاعیریش هەبووە گۆرانی بۆ فاشیزم وتوەو تەنانەت قودسیەتی داوەتە دەسەلاَتەکانی مرۆڤکوژی و لە ناو بردنی جوانیی.

پ2\تۆ بۆ کێ و بۆچی دەنووسی؟

و_ بۆ ئینسان دەنووسم..ئینسان بەهەموو ماناکانیەوە..ئەوانەی مەحروم کراون لە بەختەوەری,لە ئازادی..ئەوانەی بە زۆر بێ ئیرادەکراون و غەزوی جەستەو عەقلیان کراوە..ئەوانەی لە شەمەندەفەرەکانی مەرگ بار دەکرێن,شەڕی ناشیرینی دەسەلاَت شەڕی کۆمەلاَیەتی,شەڕی بێ بڕانەوەی ئینسان لەگەلَ مەرگ..بۆ ئەوانەش دەنووسم کەدەیانەوێت ژیان جوان و جوانتر بکەن, ئەوانەی دەخوازن خەریتەی شێوێنراوی خۆشەویستی جارێکی تر بکێشنەوە سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەت کە بۆچی دەنووسم؟نووسین لای من جۆرێکە لەپیادەکردنی وجوودی ئینسانی..لە بەر ئەوەش هێزەکانی مەرگ دۆستی و دەسەلاَتە دۆزەخییەکانیش لە مرۆکەدا زۆرن, بۆیە دەبێت ئەو وجودە ئینسانییە لەخەتەری ئەوان بپارێزین.. دوا جار ئەز وەکو ئینسانێك بۆیە دەنووسم,بۆئەوەی لەحزەکانی مەرگ و بێزاریی و خەتەری ئەو هێزانەی کە مەرگدۆستن زەفەرم پێ نەهێنن.

پ3\دەنگی تازە لە شیعری کوردیداچۆن دەبینی؟تەقلید تاچ ئاستێ لەشیعردا ڕەنگی گرتووە؟

و_هەموو دەقێکی شیعریی کە ئیزافەکردنی لە خۆ گرتبێ لە هەردوو ڕووی دنیابینی و تەکنیکەوە,من بەتازەی دەزانم ..ئیتر مەرج نییە ئەوەی بەرهەمهێنی ئەو دەقەیە تازە کوورەبێت یان خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژ.. دەقی تازەو داهێنەرانە خۆی جەزبت دەکات و پێت دەلَێ وەرە بمخوێنەرەوە ..لەلای من زۆربەی دەقەکانی مەحوی تازەن,ئەلێی ئێستا نووسیونی..باوەڕ ناکەم خودێکی شاعیرلە پێش و لەدوای (مەحوی)یش توانیبێتی بەو ڕەهەندو تەکنیکە جوانە وشەی(سەرابستان)ی بەکاربردبێت کە ئەو تەوزیفی کردووە.لە شیعردا حالەتێك هەیە,یاخوود دەقێك هەیە پێی دەوترێت دەقی نەمر..نەك دەقی کۆن وهی تازە..لەم بارەیشەوە گەشبینم بەرامبەر شیعری کوردی.

سەبارەت بەتەقلیدیش ,لە هەراو زەنای چاپ وبلاَوکردنەوەو زۆریی وبۆریی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا,لە زەمەنی گروپ وگروپێنەو تەنانەت شارو ناوچەگەرێتیشدا کە سیاسەت بازی بالَی بەسەر زۆربەی شتەکاندا کێشاوە,نەك تەقلیدگەرایی,بەلَکو تالاَنکردنی بەرهەم و ڕەنجی ماندوێتی کەسانی داهێنەر بۆتە شتێکی ئاسایی..ئەم دیاردەیە نەك لای ئێمە بەلَکو لە دنیاشدا و لە زۆر قۆناغ لە قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبی و کلتوری کۆملگاکانی تریشدا هەبووە و هەیە ... بەلاَم دیاردەیەکی تەندروست نییە.پێشترو لەیەك دووبۆنەی تردا ئەوەم وتوە کەسێك گولَی داهێنان لە باخچەکەیدا نەبێت, هەموو باخەوانەکانی دنیا ناتوانن بیکەنە داهێنەر.. چونکە داهێنان جۆرێکە لە خەمی جوانی.

پ4|ئایا هیچ پڕۆژەیەکی نوێت بەدەستەوەیە؟

و_سەرەتا, بۆ هەر کەسێك لە ئێمەومانان,مەسەلەی خوێندنەوەپڕۆژەیەکی بەردەوامە..سەبارەت بە پڕۆژەی نووسین و تەرجەمەش,پڕۆژەی قەسیدەیەکم بە دەستەوەیە ئەمێستاکە لەتەواو بووندایە, کتێبێکی نزار قەبانیم تەرجەمەی کوردی کردووە کە باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لە بارەی ژن وشیعرو ژیانەوە..کتێبەکە بە ناوی (ژن لە شیعرو ژیانی مندا)یەو پاکنووسەکەشی تەواو بووە و ئامادەیە بۆ چاپکردن.هەروەها دیوانەشیعرێکی خۆمم بەزمانی کوردی ئامادەی چاپ کردووەو,دیوانەشیعرێکی تریشم بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی(**فراشە تنتحرباسرها** )ئامادەیە بۆ چاپ و ڕەنگە هەر لێرەلە شام چاپی بکەم,ژمارەیەك قەسیدەی لە خۆگرتووە کە هەندێکیان قەسیدەی خۆمن و تەرجەمەی عەرەبیم کردوون و باقیەکەشی هەر بەعەرەبی نووسیومن.. جگە لەوانەش وتارێکم نووسیوە بەناونیشانی(بەربەرییەتی نووسین لەنێوان گوتاری چەواشەکاریی وزەبروزەنگی مەعنەویدا)وناردوومە بۆ هەردوو هەفتەنامەی ڕێزداری(ڕێگای کوردستان)و(والاَی ئازادی)لە کوردستان, لە ناوەڕۆکی وتارەکەمدا باس لەو بەربەرییەتە دەکەم کە بە کۆلَێ ووشەبار دەکرێت ونووسینی پێ زەلیل دەکرێت..قسەم لەسەر ئەو نامیلکە نهێنی یانە کردووە کە کەسانێکی دۆزەخی بێ ئەوەی جورئەت بکەن ناوی خۆیانی بخەنە سەر و لەپەنا ئیستیغلالکردنی ئازادیی چاپ و بلاَوکردنەوەدا,لەسووچ وقوژبنە تاریکەکاندا دەستاو دەست بلاَویدەکەنەوە وتیایاندا لەپالَ گێڕانەوەی چەند باس وخواستێکی گشتییدا, کۆمەلَێ تۆمەت وقسەی ناشیرینی دوور لەهەر ئەخلاقیەتێکی نووسین ئەدەنە پالَ کەسانێکی تر..هەلَسوڕاوانی ئەو پرۆسە دۆزەخییە

سڵ له ئەخلاق و ویژدانی خۆیان ناکەنەوە, ڕەش وسپی تێکلاَو دەکەن...بەهەر حاڵ ئەگەر ووتارەکە بلاَوبۆوە,دەشێ بەڕێزیشت بیخۆێنیتەوە ..بۆ ئایندەش ئەگەر ئیستیقراری تەواو لێرەبکەم, بەرنامەیەکم بەدەستەوەیە بۆ تەرجەمەکردنی چەندکتێبێکی نایاب..

پ5|پرۆژەی نێوان نووسەرانی هەندەران وکوردستان چۆنە وەك نووسین وبلاَوکردنەوە..؟

و_له هەردوولا باشەو بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بزاوتێکی کەم وێنە بەدی دەکرێت وقەناعەتیشم وایە جۆرێك لەهەماهەنگیی له نێوان هەردوو لادا هەیە..بەلاَم گرفتی سەرەکیی گواستنەوەی کتێب وبەرهەمە چاپکراوەکانە له نێوان کوردستان و هەندەراندا..چونکە هێنان و بردنی ئەو ژمارە تاك و ترایانەی کە له نێوان نووسەران خۆیاندا هەیە, بەس نییە بۆ ئەوەی تینوێتی سەرجەم خوێندەوارانی هەردوولا بشکێنێ,بەتایبەتی ژمارەی خۆێندەواری کتێب له کوردستان زیاتریشە له هەندەران.

پ6\نووسینی شیعر زەمەنی دیاریکراوی خۆی هەیە,هەر زەمەنێك تێڕوانینێکی ئایدۆلۆژیی تایبەتی هەیە, تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ زەمەنی شیعرەکانتا دەکەی؟تۆبڵی زەمەن له ئایدۆلۆژیا گەورەتربێت!

و— مادامەکی ژیان خۆی ڕووبارێکی هەمیشە ڕێکردووی نەوەستاوە, کەواتە زەمەنیش بە هەموو مانا فیکری و فەلسەفی و فیزیکییەکانی خۆیەوە هەمیشە له گۆڕاندایە.ئەی ئەگەر وانەبووایە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی ئەم هەموو ڕێبازو قوتابخانە فیکریی و فەلسەفییانە بەو جۆرەی کە هەبوون و بەردەوامن,لە دایك نەدەبوون.. تێڕوانین ودنیا بینیەکانیش(مەبستم له روئیەیە بۆ ژیان) هەر له گۆڕاندان..بەلاَم ئەوەی قابیلی مانەوەیە ئەو بابەتە نەمرانن کە هەر له سەرەتاوەو هەتاکو ئێستاش بەردەوامن و ماونەتەوە..ئەو بابەتە زیندووانەش:ژیان مەرگ,خۆشەویستی,شەڕ,ڕق وئیرەیی,عەزابە جۆراوجۆرەکانی ئینسان..ئەمانەهەر هەموویان ئەو بابەتە زیندووانەن کە ئەدەب و هونەر بە هەموو ژان و جۆرەکانیانەوە هەر له سەرەتای پەیدابوونیانەوە تاکو ئێستا دەستیان بۆ دەبەن..مەبەستم ئەوەیە, دەشێت له یەك زەمەنی دیاریکراودا بە دوو دنیابینی جیاواز باس له مەرگ یان خۆشەویستی بکەین هەندێ جاریش لەگەڵ گۆڕانی زەمەندا دنیابینی و شێوازەکان دەگۆڕێت..هەندێك دنیابینیش هەن, زەمەن و لەحزە زەمەنیەکان چەندە لەگۆڕان و ڕووخان و دروستبوونەوەدابن, ئەو دنیا بینییانە ناگۆڕێن..بۆنموونە دنیابینی ی شاعێرێك کە لەڕوانگەی فکری ئیسلامیزمەوە بۆ مەرگ دەڕوانێت له هەموو زەمەنەکاندا هەریەك دنیابینیە ,ئەویش بەجێهێنانی فەرمانێکی خودایيە و پاشان زیندوو بوونەوەو قیامەت و ئەوشتانەیە..

سەبارەت بەئەزموونی خۆم ومامەڵەم لەگەڵ زەمەنی شیعردا(دیارە لێرەدا مەبەستی تۆ زەمەنی ئایدیۆلۆژییە), سەردەمانێك لە فەزای ئایدۆلۆژیادا پرۆسەی

شیعرەکانم ئەنجام ئەدا و دیارە ئەمەش نەنگیی و کەموکوڕیی نییە. چونکە ئێمە نەوەیەك بووین ئەزموونەکەمان لەسەرەتاوە مەحکووم بوو بە ئایدۆلۆژیا

,پێم وابێ پێش ئێمەش هەر وابوو..... دیارەئایدۆلۆژیاش بۆ خۆی دەوری خۆی هەبوو لەوەی کە تەکنیکیش لە خزمەتی زەمەنی ئایدیۆلۆژییدا بێت نەك خزمەتی زەمەنی شیعریی خۆی ..چونکە من قەناعەتم وایە کە بەدەر لە خەموو جۆرەکانی زەمەن,شیعر زەمەنی تایبەت بە خۆی هەیە وەك ئەوەی من خودی خۆم له ئەزموونی ئەم دەساڵەی دواییمدا کارم زیاتر بەو زەمەنە شیعرییە کردووە,بە واتا هەوڵم داوە له قەڵەمڕەوی شیعردا جارێکی تر زەمەنێکی تر بخوڵقێنم ..چونکە ئەگەر شیعر جۆرێك بێت لە داهێنان لە هەموو ڕووەکانی دنیابینی و زمان و تەکنیکەوە, ئەوا پێویستە زەمەنیش بەشی خۆی لەو داهێنانە بەر بکەوێت..بۆیە من له ئێستادا له پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعرییدا, هەوڵی ئەوە ئەدەم موتەلەقی( بە خوێنەرو گوێگرەوە) ببەمە نێو زەمەنێکەوە کە جیاوازبێت لە زەمەنی تەقلیدی, بەواتایەکی تر زەمەنێکی کەشف نەکراو کەشف بکەم ,هەموو ئەمەش له پێناوی وروژاندنی پرسیارو گومانە بەرامبەر هەموو دیاردەکانی ژیان..

سەبارەت بەوەش کە ئایا زەمەن لەئایدیۆلۆژیا گەورەترە یا نا؟ بۆ وەلاَمی ئەم بەشەی پرسیارەکەت,دەبێت هەڵوێستەیەك لەبەردەم ئایدیۆلۆژیادا بکەین.. ئەگەر ئایدیۆلۆژیا , هەروەها فیکریش, له ساناترین پێناسەدا

فۆرمەڵەو تێوریزەکردنی ئەو ڕاستی و بەڵگەنەویستانەبن کەلە قۆناغ یان بڵێین زەمەنێکی دیاریکراودا, واقیع بەرهەمیان دێنێت, ئەوا بە حوکمی گۆڕانی واقیع و پەرەسەندنی ژیان, لە بەردەم خودی گۆڕان و وەگۆڕانەکانی (تحولات)ی زەمەن و واقیعدا, ئایدیۆلۆژیا و فیکریش لە گۆڕاندان..بۆیە دەکارێ بڵێین زەمەن گەورەترە لە ئایدۆلۆژیا..

پاشان من پێم وایە کە بیریاران و ئایدۆلۆژیستەکان لە زەمان و زەمینی خۆیاندا, فیکرو ئایدیۆلۆژیایان لەو پێناوەدا فۆرمەلە نەکردووە بۆئەوەی تەقدیس بکرێن و قابیلی گۆڕان و پەرەسەندن نەبن...

پ|7 پەیوەندیی نێوان شیعرو فەلسەفەو مێژوو چییە؟

و_وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەنگە بە کتێبێك و دووان و سیانیش نەیەتە کۆتایی.بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ,بە جیاوازی خەسڵەت و سروشتی هەر یەکەیانەوە,بە جیاوازی سەرجەم دیدو بۆ چوونەکانەوە, ئەو سێ لایەنە,هەرسێکیان لە خزمەتی یەکتریدان و تێکڕاش وەك سێ ڕووبار دەڕژێنە دەریای مەزنی ژیانەوە,ژیانی مرۆڤایەتی. بەڵام هێندە هەیە زۆر جار ئەوەی بە زمانی شیعر دەوترێت هەرگیز بە زمانی فەلسەفە ناوترێت,یان ئەوەی لە زەمەنی شیعردا هەیە ڕەنگە لەزەمەنی مێژوودا نەبێت..بە نموونە ئەگەرمێژوو بە قەولی برێخت ئەوە بێت کە ڕووی داوە نەك ئەوەبێت کە ئێمە دەمانەوێت ,دیارە هەندێ کارەساتی گەورەی خوێناوی کە لە مەقتەعەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویان داوە ئەگەر بەشیعر بووایە ڕوویان نەدایە,یان ڕوونتر بڵێم خۆزگەی سەوزو جوانی شیعر ئەوە بوو کەئەو کارەساتانە ڕوونەدەن. لێرەوە دەکرێ بڵێین,ئەم سیانە ئەگەرچی پێکیشەوە هەڵبکەن و تەباییان لە نێواندا بێت,بەڵام هەندێ جاریش دژو پێچەوانەی یەکترن.. ئەم تەبابوون ودژایەتییەش,دواجار بەشێك لە جەدەلیەتی پرۆسەی داهێنان و,پاشان هەردووپرۆسەی تێکدان و بیناکردنەوە,پێك دەهێنن.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە حەزم دەکرد قسەی زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەم,بەڵام وروژاندنی خاڵێك,, خاڵی تری بەدوادا دێت و ڕەنگە ڕووبەری زۆربەی وەڵامی پرسیارەکانی تر داگیر بکات..

پ|8قەت لەخەیاڵەئەفسووناوییەکانی خۆتا بوویتتە ئیمپراتۆری شیعر؟

و_نەخێر..ئەمەش نەك لە بێ تواناییەوە, بەڵکو لەوقەناعەتەوەی کە دوای بەرهەمهێنانی هەر دەقێکی شیعریی سەرکەوتوو ,هەمیشە تووشی دڵەڕاوکێ ی ئەوە بووم کە لەبەرهەمهێنانی دەقی دواتردا دووچاری نوشوست نەبم..پاشان هەمیشە حەزم بە موراجەعەو موحاسەبەکردنی ئەزموونی شیعریی خۆم هەبووە...پاشان لە شیعردا,حاڵەتێك یان دیاردەیەك نییە پێی بوترێت ئیمپراتۆرییەت..هەندێك جاریش هەندێ ناولێنان لە قەڵەمڕەوی شیعری کوردیدا ,بەرهەمی سیاسەتە یان بەرهەمی خاترو خۆترو میزاجیەتی ڕەخنەگرێکە..!

پ9\لەمەملەکەتی شەرەف و شەرم وئابڕوودا بێ دەنگ بوویت ..یان لەبەرامبەر تیرۆریستان و سووتێنەرانی باخچەکانی عیشقدا دەنگ و ڕەنگ بووی؟

و-ئەرکی شاعیر بە تەنها گۆرانی وتن نییە بەباڵای زرا ڤی ئازادیدا..بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا تێکەڵاوبوونە لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە بە فیعلیی,ئازادی فەراهەم دەکات..من بەئەرکی خۆمم زانیوە کە لە بەرامبەر تیرۆرکردنی ژناندا لە ژێر هەرپەردەو بیانوویەکدابێت دەنگی خۆم بەرزبکەمەوە..شانازیش بەوەوە دەکەم کە بە فیعلی ی و لەگەڵ هاوەڵانمدا کارم کردووە..ئەز بەپێچەوانەی ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە شیعرنووسین بە تەنها لەوەدا کۆدەبێتەوە کە لەپەنجەرەی وشەوە بڕوانینە ژیان ..وای دەبینم کە ئەرکی ئەخلاقیی و ئینسانیی ئێمە زۆر لەوە گەورەترە کە ئیکتیفا بە نووسین بکەین لە ساڵی( 1997) دا ئەوکاتەی هاوڵاتی(کەژاڵ خدر حسن) کەوتە بەر ڕەفتاری نامرۆیانەی لووت بڕین, ئەز ئەندامی کۆمیتەی داکۆکیکردن بووم لێی و حاڵەتەکەیمان وەك حاڵەتێکی نا جۆری کۆمەڵایەتی زەق کردەوە..تەنانەت لە بەرامبەردا دووچاری گەلێ قسەو باس و تۆمەتی بێ مانابووم.. دواتر لە هەفتەنامەی (ژیانەوە)ی سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان لە سلێمانی گۆشەیەکی بەردەوامم بەئیمزای(هابیل)ەوە هەبوو کە خەم و دەنگی کپکراوی ژنانم دەگەیاندە خەڵکی..تەنانەت بەنووسینی ئاشکراش پشتگیری ی خۆم بۆ بڕیاری ژمارە(59) دەربڕی کە ڕێگە لە ڕەشە کوژی ژنان دەگرێت لە ژێر پەردەی نامووس پەرستیدا..ئەمانە, سەرباری ئەوەی لە کۆڕو سیمیناری تایبەت بەگۆڕینی

یاساکانی ئەحوالی شەخسی قسەوباسم وروژاندووە..بە بڕوای من ئەرکی ڕۆشنبیر, هەر بەتەنها خوێندنەوەو نووسین نییە, بەڵکو تێکەڵابوونیشە لەگەڵ کێشەکاندا ..لەسەر ئەو ڕێبازەش بەردەوامم.

پ10\پێت وایە ئەدیبی کورد خاوەنی هەڵوێستێکی عەمەلییە,ئەگەر وایە بۆچی لەگەڵ لە دایك بوونی شەڕی تفەنگا, شەڕی قەڵەمیش پەرەی سەند؟

و- واقیعی وڵاتی ئێمە,لە هەر دوو ڕووی سیاسی و ڕووناکبیریشەوە, هەمیشە واقیعێکی تێکەڵاوو ئاڵۆز بووە.. ئەو دووانە ,واتا سیاسەت و ڕووناکبیری هەمیشەتێکەڵاوی یەکتری بوون و ئەگەر لە مەقتەعە مێژووییەکانیشدا هەندێ جار ناتەبایی لە نێوان سیاسەت و ڕووناکبیرییدا هەبووبێت, ئەوا ڕێژەی ئەو ناتەباییە زۆر کەمتر بووە لە ڕێژەی تەبایی.. وتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت چیرۆکی ڕوسی لە پاڵتۆکەی گوگۆڵەوە هاتە دەرێ.. ئەز ئەو ووتەیە بە دەستکارییەوە بۆ مەبەستێکی تر دەخوازم و دەڵێم؛ئێمە گەلێ سیاسەتمەدارمان هەن لەگیرفانی ئەدەبەوە هاتوونە دەرێ و چوونەتە سیاسەتەوە, هەروەها بە پێچەوانەشەوە,لە گیرفانی سیاسەتەوە هاتوونەتە دەرێ و,دەستیان داوەتە ئەدەب .. کەم ڕووناکبیری کورد هەن ئەگەر ئینتیمایان بۆ ئەم گروپ و ئەو حیزبی سیاسیش نەبووبێت,سیاسەتیان ,بەجۆرێك لە جۆرەکان نەکردبێت.. ئیتر ئەوە واقیعێك بووە و لەپێناوی بەجێهێنانی گوتاری مانەوەدا,کۆمەڵگای ئێمە هەمووتواناکانی بە ئەدەبیشەوە خستۆتە خزمەتی سیاسەتەوە..

سەبارەت بە شەڕی تفەنگ وشەڕی قەڵەمیش(دیارە بەڕێزت مەبەستت لە شەڕی براکانە یان شەڕی ناوخۆیە),ئەوە ڕاستە کە زۆر جار لەپاڵ شەڕی تفەنگەکاندا,شەڕی قەڵەمیش هەڵگیرساوە, بەڵام ئەو شەڕە قەڵەمە=کەدیاردەیەکی خراپ و ناجۆر بووە-مەرج نییە تعمیم بکرێت بەسەر ئەدیبی کوردا..چونکە لە بەرامبە شەڕە قەڵەمیشدا, زۆر ئەدیبیش لەناوەوو دەرەوەی کوردستان لەگەڵ شەڕ و خوێن ڕشتنی کوردا نەبوون بەدەستی کورد..دەیان نووسین و وتارو پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەو کۆمیتە هەن ئەوە دەسەلمێنن...زۆر جار هەر قەڵەمەکان هاواری ڕاگرتنی نەزیفی شەڕیان داوە,بەڵام کە گۆییان لێ نەگیرابێت ئەوەیان شتێکی ترە..

پ10\سەرەتای مەنفاکان لێرەوە دەست پێدەکەن,ئەرێ مەنفاکان کۆتاییان هەیە؟

و=من مەنفا هەر لەپانتایی یان دوورایی یە جوگرافیاییەکەییدا نابینم,بەڵکو زۆرجار مەنفا لەناوەوەی نیشتیمانیشدا هەیە..لەماڵەکەتدا,لەناو ژوورەکەشتداهەیە..ئەویش لەئاکامی ئەو نامۆبوونەی کە مرۆڤ دووچاری دەبێت,هۆیەکانی بە مەنفابونی نیشتیمان و دەرەوەی نیشتیمانیش زۆرن و لێرەدا نایەنە باسکردن..هەتاکو ئەو هۆیانەش بەرقەرارو جێگیربن, مەنفاکانیش کۆتاییان نایا..

پ11\چۆن گەیشتیتە ئەو بڕیارەی تۆش نیشتیمان جێ بهێڵیت؟

و_جێ هێشتنی نیشتیمان بڕیارێکی زۆر سەختە..ڕەنگە ڕێکردن بەپێی پەتیی بەسەر پشکۆی داگیرساودا,یان تەوقەکردن لەگەڵ ئاگردا ساناتر بێت لەو بڕیارە.. چونکە کارێکی سەختە تۆ پشت بکەیتە شوێنێك کە تەمەنێك ئەزموونی خۆتت هەر لەمنداڵییەوە هەتاکو ئێستا تێیدا خەملاندبێت..بەڵام کاتێ ئەڵقەی گەمارۆدانەکان دێنەوەیك وپانتاییەکان تەسك و تەسکتر دەبنەوە,ئیتر هەموو ئاماژەکان بە تۆ دەڵێن؛بڕۆو سەری خۆت هەڵبگرە..ئیتر کەنارێك نەماوەتەوە شیعر پێی بخاتە سەرو,قەڵەم پشوویەکی تێدا بدات..پاشان لەهەموو شتێك گرنگتر بۆ مرۆڤ هەستکردنە بەئەمان, کە ئەمان نەما,بەختەوەرییش نامێنێ..لەلایەکی ترەوە, مەسەلەی سەفەروو هەڵبژاردنی شوێنی ژیان یەکێکە لەمافە سەرەتاییەکانی هەرکەسێك ,شوێنێك کە تیایدا, کەرامەت وجەستەو گیانی ئیهانە نەکرێت..!

ئینجا یەك بەخۆم, ئێستاکە لە وڵاتی شام نیشتەجێم..سە فەرکردنیش بۆتە جۆرێك لە قەدەر..دەشیێ وەك دەیان و سەدانی تر لە برادەرەکانم سەفەرم بە نسیببێت و ,دەشێت بەدڵێکی شکاویشەوە بگەڕێمەوە..حەزدەکەم وەك تێبینیش ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەم,ئەویش ئەوەیە ئەم پرۆسەیەی ئێمە سەرمان تێی کردووە بە پۆل هیجرەت دەکەین,ئەگەر بەپێوانەی جێهێشتنی نیشتیمان بپێورێ, ناچێتە خانەی جێهێشتنی تەواوەوە چونکە ئەوەتا ساڵانە بەسەدان وهەزاران دەگەڕێنەوە نیشتیمان و کەسیش لەگوڵ کاڵ تریان پێ ناڵێت..جێهێشتن مانای نەگەڕانەوەیە, مانای نەفیکردنە بەهەر هۆیەك بێت بۆیە لێڵ بوونی چەمکی جێهێشتن لەلای ئێمە, پەیوەندیی به تێکچوونی

ئیقاعی ژیانمانەوە هەیە..ئێمە لەڕووحێکی هەڵواسراو دەچین, بەدەم عەزابەوە نە لەنیشتیمان هەڵدەکەین و,نە لە هەندەرانیش دەحەوێینەوە..!

پ12\شاعیری کورد پەنا دەباتە بەر نووسینی قەسیدە بۆ ئەوەی بیرو خەیاڵ و عەشق تەرتیب بکات,بەڵام لە دنیای دەرەوەدا دەقی کورت دەقێکی زیندووترە,تۆ ڕات بەرامبەر ئەمە چییە؟

و_سەرەتا,زیندوێتیی دەق وەك چۆن لەوەڵامی پرسیارێکی پێشوودا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد بەکۆنیی و تازەیی زەمەنی نووسینی دەقەکە نییە,لێرەشدا دەڵێم زیندوێتیی دەق پەیوەندیی بە درێژیی و کورتیی دەقەکەوە نییە..بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا ئێستاش هەردوو دەقی(وێرانەخاك)ی ئیلیەت ە,(قەلەڕەش)ی ئێدگار ئالان پۆ,دوو دەقی نەمرو زیندوون ئەگەرچی دەقی کورتیش نین..

درێژیی و کورتیی هەردەقێك,پەیوەندی بەبابەتی دەقەکەوە ئەو شێوازو تەکنیکەوە هەیە کە بەهۆیانەوە دەقەکە بەرهەم دەهێنرێت.. ڕەنگە ئەوەشی وای کردبێت کە لە ئەوروپادا دەقی کورت زیندووتر یان ڕاستتر بڵێین ڕەواجی زۆرتربێت, بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە؛یەکەمیان بەشێوەیەکی گشتی شیعر جەماوەری کەمتر بۆتەوە لە جاران, ناڵێم بەسەر چووەچونکە هەتا ئینسان هەبێت شیعریش هەردەمێنێت..دووەمیشیان, لەناو هەراو زەنای عەولەمەو چەرخی خێرایی و ژیانی بە ئالەتکراوو کزبوونی پەیوەندییە ڕۆحییەکاندا, دەشێت دەقی کورت ڕەواجی زۆرتربێت.

پ14\دەتەوێت چۆن لە مەملەکەتی شەڕو گوناهدا گۆرانیی بڵێیت, لەکاتێکدا شەڕ داگیری کردووین وگوناهیش تابینە قاقامان هانووە........

و_ڕێگەم بدە وەڵامی ئەم پرسیارەت بە بەشێك لە قەسیدەیەکی خۆم وەڵام بدەمەوە کە کاتی خۆی هەمان ناونیشانی ئەو دیوانە شیعرییەیی هەڵگرتبوو, کە لەسوێد چاپکرا.. بەڵام ئەو قەسیدەیەم نەخستبووە ئەو دیوانەوەو, دواتر کە دیوانەکەم بە هەندێ ئیزافەی ترەوە لە کوردستان چاپ کردەوە, ئەو قەسیدەیەشم بڵاوکردەوە..

مەنفاکان لێرەوە دەست پێدەکەن
یان. هەمموو دەچینەوە بۆ شەڕ}
_هەمووودەچینەوە بۆ شەڕ,
فانۆس و تەورەکان
هەنارو
عاشق بوون..
ئاوێنە و بەردە نوێژەکان
من و تۆش(ماریانا)
من و تۆش؛(لیمۆ) گیان..
هەمووومان دەچینەوە شەڕو
دەگەڕێینەوە کەناری(میدۆزا)..
لەوێ ڕا بەیەکتری دەگەین,لای سەرابەچۆڵەکان و
لای سەنگەرەکانی ئاشنامان..
لەوێ؛پێت دەڵێم سێبەرەکان چۆن یەکتری
لەت دەکەن و
ئەو گوڵانەت نیشان دەدەم
کە لەحوجرە تاریکەکانی سەردەمدا,
چۆن لە شەرحی مردن و
خەتمی نەفرەت بوونەتەوە..
هەر لەوێ,لەنزیکی پەڵە نەعناو

بیبوونه ژاکاوەکانی ژێر زەردەپەڕدا

چیرۆکی ئەو تفەنگەت بۆ دەگێڕمەوە,

منی کوشت و

ئەو هەناری نیشتیمانەی فریوی دام..

لەویَ؛چەند شتێکم هەیە بۆ ووتن..

باڵندەی یەك دوو چرپەم هەیە بۆ فڕین

_هێشتا سوبح پەمەییبوو,

کەتۆ کەپری ئێوارەکانت ڕووخاندم ئەی شەڕ!

هێشتا چاوی کاتژمێرە غەمگینەکەم

نەچووبووە خەو

کەتۆ خەوت لیَ زڕاندم ئەی شەڕ!

((.......................))

****

پ15\من دەڵێم هەندەران بۆتە نیشتیمان و نیشتیمانیش بۆتە هەندەران, تۆ بڵیَ ی من زۆر هەڵەبم...... و_نەخێر هەڵەنێت..منیش کۆکم لە گەڵتا..چونکەنیشتیمانی ئێمە لە نیشتیمانێکی سەفەریی دەچێت..جانتاکانمان لەکۆ بن ئەویش لەوێیە..هەر لەسەرپشتی کەشتیەوە تاکو کەمپەکان,نیشتیمان ئەو خەمە درێژەیە کۆتایی نایەت... ئەو ئاگرەیە ناکوژێتەوە.. ئەو منداڵەیە پارەی جەژنی لە گیرفاندا نییەو ژێر نابێتەوە.. دواجار نیشتیمان لە پاڵەوانی چیرۆکێك دەچێت کە بەدەست چیرۆکنووسەکەیەوە گیری خواردووە,چونکە هەر ڕۆژەی دەیدات بە قەڵبەیەکدا ,ئەتکی دەکات.. دەمێك دەیکاتە ژنێکی تەڵاقدراوو..دەمێکی تر بە پیاوێکی دڵڕەقی ئەداتەوە شوو..!

ئامادەکردنی\ ئاسۆگۆران(باڵابەرز)

دیمەشق\ دیسەمبەری 2000

<u>تێبینی</u>

ئەم گفتوگۆیە لە مانگی 12 ساڵی 2000سازدراوە من ئەو کاتە بۆ ڕۆژنامەی پەیام سازمدا بەڵام زۆری پێنەچوو ئەو ڕۆژنامەیە لەبەر بێدەرامەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕاگیرا.

داوای لێبوردن لە غەمباری شاعیروو خوێنەران دەکەم. ئاسۆ 2004 0202

Asobalabarz116@hotmail.com